١١٩ - ١٤٢

# (وێنە لە شیعرەکانی قوبادی جەلی زادە)دا

د.کەمال مستەفا مەعروف /زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی ئاداب

## پێشەکی

بابەتەکەمان بە ناونیشانی (وێنە لە شیعرەکانی قوبادی جەلی زادە)دا، وێنە شوێنێکی لە شیعری شاعیرە نوێخوازەکاندا داگیر کردووە، ڕەگەزێکە لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی بنیادی شیعریدا، بابەتێکی گرنگە لە شیعری نوێدا، وەکو پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە ولێکۆڵینەوەی تێروتەسەلی لەسەر نەکراوە، جا بە مەبەستی ڕوون کردنەوەی چەمکی وێنەی شیعریو خستنە ڕووی جۆرەکانی وێنەی شیعریو دیاری کردنی لە شیعرەکانی قوبادی جەلی زادەدا ئەم لێکۆڵینەوەیەمان ئەنجام دا، قوباد شاعرێکی نوێخوازە، خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆیەتی، کۆمەڵە شیعری (هەمیشە ڕوو لە خودا، هەمیشەمەست) کە سەرجەمی کۆکراوەی شیعرەکانیەتی شێوازو تەکنیکی نوێی شیعری تێدا بەکارهێنراوە، ئاوازێکی مۆسیقی ڕێك وپێك پێوەی گرێ داون ویەکێتی بابەتیان بەخۆوە گرتووە کە پڕاو پڕن لە جۆرەها وێنەی شیعری جوان دا، سەرتاپای شیعرەکانی کۆمەڵە تابلۆیەکن لە وێنەی هونەری هەمەچەشن لە ئاستێکی باڵا نومادا خۆیان دەنوێنن، تۆژینەوەکەمان بریتی‌یە لە سێ تەوەرە.

**تەوەرەی یەکەم** : چەمك وپێناسەی وێنەی شیعری، وێنەی شیعری لە ڕەخنەی کۆن ونوێدا.

**تەوەرەی دووەم** : جۆرەکانی وێنەی شیعری، بەپێی پێکهاتەکانی، بە پێی هەستەکان، لە باری چەسپاو جوڵاودا، نمونەی شیعرەکانی شاعیر.

**تەوەرەی سێیەم** : سەرچاوەکانی وێنەی شیعری لە لای شاعیر، وەکو سەرچاوەی مێژوویی، فولکلۆری، ئایینی، ناوچەیی‌و جیهانی.

## تەوەرەی یەکەم

### أ- چەمك وپێناسەی وێنەی شیعری

زاراوەی وێنە (image) لە ووشەی (imagination) وەرگیراوە، کە مانای ئەندێشە دەگەیەنێ، ئەندێشەش وێنە لە شیعردا بەرجەستە دەکات.

پێناسەی وێنەی شیعری چی دەگەیەنێ : بێ گومان وێنە شوێنێکی بنچینەیی لە بنیادی شیعری‌دا داگیر کردووە، ئامرازێکە لە ئامرازەکانی شیعری نوێدا، کە شاعیری نوێ لە بنیادی قەسیدەدا، ئاسۆ جوداواز وتێ ڕوانینەکانی تێدا بەرجەستە دەکات، بە هۆی وێنەوە شاعیر

هەست وبیرو یادەوەریەکانی بە شێوەیەکی هونەری پێکەوە دەنێ، هەر لەڕێگای وێنەوەش تێ ڕوانینە تایبەتیەکانی دەخاتە ڕوو، کەواتە وێنەی هونەری شیعری ((لە دۆخی تێکەڵ بوونی هۆش وسۆزو ئەندێشەدا چێ دەبێ، دیارە ئەمەش دەبێتە داهێنانێکی تەواوی بیر))[1].

(ئەزرا پاوەند)یش جەخت لەسەر هەمان پێناسە دەکات ودەڵێ:-

((وێنە تێکەڵ کردنی هۆش وسۆزە لە چرکەیەك لە چرکەکانی ژیاندا))[2] ڕەخنەگرێکی تر(درایدن) دەڵێ:- ((وێنە بەڕادەی خۆی بالأنوماو ژیانی شیعرە))[3] شاعیری نوێخوازی ئینگلیزی (کۆلریدج) ((تێڕوانینێکی بەرفراوانی بە وێنە بەخشیوە کە باسی لە ئەندێشەو پێداویستەکانی دەکات کە جەمسەری بنچینەیی وێنەیە))[4] (روبرت ئەندون) ڕۆڵێکی زۆر گرنگ بە وێنە دەبەخشێو دەڵێ:-

((ڕاست نییە کە وێنە کۆڵەگەیەکی شیعرە، بەڵکو کرۆك وگیان وجەستەی شیعرە))[5].

با بزانین بیروڕای شاعیرانی فەرەنسی لە بارەی پێناسەی وێنەی شیعرییەوە چۆنە، (ئەندریە برۆتۆن)دەڵێ : ((گرنگی لە وێنە بەدەرناکەوێ، بەڵکو لەو سۆزە ئاگرینەیە کە وێنە بەرپای دەکات، ئەگەر سۆزو هەستەکەش لە هێزەوە بێ، ئەوا وێنەیەکی مەزنی لێ دەکەوێتەوە))[6]، (ئاراگۆن) دەڵێ: وێنە ئەو شەپۆلە کارەبایەیە کەوات لێ دەکات بە هەموو دنیادا بچیتەوە))[7].

چەمکی شیعر دەبڕینێکی مۆسیقیە بە وێنە ((چونکە ئەگەر پەخشان بڕوا ئەوا شیعر سەما دەکات، ئەگەر پەخشان لەسەر زەوی ڕێ بکات ئەوا شیعر لە ئاسمان دەفڕێ، ئەگەر ووتارێکی پەخشانی ڕاپۆرتێکی ڕاستەوخۆ بێ، ئەوا شیعر وێنەیەکە، هونەر بە گشتی تێ ڕوانینی واقیعەو بەمانای خەون وخەیاڵ دێ، نەك بە مانایەکی ڕاستەوخۆ کەواتە شیعر دەربڕینێکە بە وێنە، دەربڕینە بە ڕەمزو ئیحاو سێبەر))[8].

((وێنە بەرهەمی چالاکی خەیاڵە، بە مانای گواستنەوەو کۆپی کردنی جیهان نایەت، بەڵکو بە مانای گەڕانەوەی پێك هاتەکانە، دۆزینەوەی پەیوەندی تەواوی نێوان دیاردەکان وکۆکردنەوەی نێوان دوور لەیەك ودژ بەیەکەکانە))[9].

## وێنەی هونەری لە ڕەخنەی کۆن ونوێدا

ڕەخنەگرانی کۆن ونوێ لەشیکردنەوەی وێنەدا بەشداریان کردووەو بایەخی زیادیان پێداوە، (ابن المعتز لە کتابەکەیدا (البدیع) بناغەیەکی پێشکێش بە ڕەخنەکرد، ئەویش جوداوازی لە شێوازی ئەدەبیدا بەدەرخستووە، کە هونەری جوانکاریە، بەم جۆرە زۆربەی ڕەخنەگرانی بەرایی ڕوویان دەکردە ووشە وماناو ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەلادان وخەوشەکان دا بەسەری دادەهات))[10].

بەڵام وێنە لە ڕەخنەی نوێدا پێچەوانەوەیە ئارایشێکی ڕووت نیە بەڵکو ئەرکی وێنەی شیعری ((دەربڕینە نەك ڕازاندنەوە، پشت بە وێك چواندن وخوازە دەبەستێ وەك هۆیەك بۆ ئەوەی جیهانی ناوەوەی شاعیر بدۆزێتەوە))[11].

چونکە وێنە لە شیعری نوێدا ((داهێنانێکی پاکی گیانە لە نزیك بوونەوەی نێوان دوو ڕاستی دوور لە دایك دەبێ، تاکو پەیوەندی نێوان ڕاستیەکان لە یەکتر نزیك بێ ئەوا وێنەکەش بەهێزترو کۆك ترو کاریگەر تر دەبێ))[12].

هەرچەندە وێنەکان لە قەسیدەی نوێدا لەیەکتر دووربن، شاعیر لە یەکتریان نزیک دەکاتەوە، چونکە پەیوەندییەکانی نێوانیان بە هۆی گیان وئەندێشەوە دەدۆزێتەوە نەک بە هۆی هەستەکانەوە))[١٣].

ئەگەر شاعیری نوێ بە شێوەیەکی گشتی لە تەک وێنەدا ئامرازو تەکنیکی تری شیعری بەکاربهێنێ ئەوا هەندێ لە ڕێبازەکانی ڕەخنەی شیعری نوێدا بە شێوەیەکی بنەڕەتی پشت بە وێنەی شیعری دەبەستن وەکو سوریالیەکان کە دەبینن ((وێنە کەرەسەی یەکەمی زمانی شیعرییە))[١٤] هەموو دەقێکی سوریالی ((بریتی‌یە لە زنجیرەیەک لە وێنە))[١٥].

ئەگەر دێڕێک یەکەیەکی قەسیدەبێ وەکو عەرەبی پێشوونان دەڵێن، کەواتە وێنە یەکەیەکی قەسیدەیە لە ڕەخنەی ئەوروپی نوێدا وەکو ریتشاردز لە کتێبەکەیدا (بنچینەکانی ڕەخنەی ئەدەبی‌دا کە جەختی لەسەر دەکات[١٦] وێنەی شیعری لە قەسیدەی نوێدا ئاڵۆزە، سوریالیەکان و) ڕەمزییەکان پەنایان بۆ ئەم جۆرە ئاڵۆزییە دەبرد ((کە عەقل درکی پێ ناکات بەتەنیا شاعیر دەتوانێ لە ڕێگای وێنەی نامەنتیقیەوە کەشفی بکات))[١٧].

تەوەرەی دووەم

## جۆرەکانی وێنەی شیعری

وێنەی شیعری لە باری جوداوازو بەگەڵێ شێوە خۆی دەنوێنێ بەبێ ئاگایی چێ‌دەبێ، لێکۆڵەرەوە بارو جۆرەکانی دەست نیشان دەکات.

**١- وێنەی شیعری بەپێی پێک هاتەکانی.**

هەر وەکو ئاشکراو ڕوونە وێنەی شیعری بەپێی چۆنیەتی پێک هاتەکانیەوە وەکو یەک نین بەڵکو ئاستی جیاواز بەخۆوە دەگرن، جا ئەم کۆمەڵە وێنەیە بەسەریەکەوە وێنەیەکی گشتی لە قەسیدەکە دروست دەکەن، بەم شێوەیە وێنەی شیعری لە دوو ئاست دا دەبینرێن، کە بریتین لە وێنەی سادەو وێنەی لێکدراو.

**وێنەی سادە**، یەک تاکە وێنە دەگرێتەوە کە ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە قەسیدەکەدا ومانایەکی سەربەخۆیی دیاری کراوی بەخۆوە گرتووە کە لە سەرجەمی وێنەکانی تری ناو قەسیدەکە دانەبڕاوە بەڵکو بەشێکە لە وێنەی گشتی قەسیدەکەو یەکێتی‌یەکی ئۆرگانی پێکەوەی گرێ داون ((پێویستە هەر وێنەیەک ئەرکی خۆی لە ناو ئەزموونی گشتی وێنە شیعرەکە ببینێ))[١٨] بەم جۆرە ((دەبێ وێنەی سادە وتاک بەشداری بزوتنەوەی گشتی قەسیدەکە بکاو لەگەڵ بیرو هەستی گشتی بڕوا تا دەگاتە لوتکەی گەشە کردن وپێگەیشتن))[١٩].

لە هۆنراوەی (ماچ)دا قوباد وێنەیەکی سادەی قەشەنگمان بۆ دەکێشێ بەوێک چوواندنی ماچ بە چرپەیەکی پڕ لە ژیلەمۆی نەهێنی، شاعیر هەست گۆڕکێ دەکا، هەستی چەشتن بە هەستی بیستن دەگۆڕێ،

لەدەمەوە بۆ دەم
ماچ،
چرپەیەکی پڕ لە ژیلەمۆی نهێنی‌یە[٢٠]

## وێنەی لێکدراو

وێنەی لێکدراو لە دوو وێنەی تاک یاخود زیاتر پێك دێ شاعیر کاتێ پەنا دەباتە بەر وێنەی لێکدراو کە نەتوانێ بەوێنەی سادە بیرۆکەی چڕو پڕ دەربڕێ، دیارە سیمای هونەری ((زیاتر لە وێنەی لێکدراودا بەدەردەکەوێ چونکە لە وێنەی تاك ئالۆزترە))[21].

لە هۆنراوەی (دوو هێلی تەریب)دا، شاعیر بە لێکچوواندنی بەیەك گەیشتن بە چوار وێنەی تاکی جیاواز (چیا، کوێستان، هەور، ئاو). کە هەریەکەیان سیمای تایبەتی خۆی هەیە، بەسەریەکەوە بە گشتی وێنەیەکی لێکدراو دروست دەکەن

ئەگەر من وتۆ پێك بگەین
چیا دەبێتە خەرەندو
کوێستان بەفری تیا دەپیشێ
هەور دار عەسا هەڵەگرێو
ئاو دەخنکێ[22]

٢- وێنەی شیعری لە باری چەسپاوو جووڵاودا.

**وێنەی چەسپاو**، ئەو وێنەیە کە لە بارێکی چەسپاو دایەو جووڵەو گۆڕانی دیمەنی تێدانییە، ئاسۆیەکی دیاری کراوی بەخۆوە گرتووە، بە تەنیا لایەنێك دەردەبڕێ، ((ئەو وێنە یەکسەرەیە کە ئاسۆیەکی دیاری بەخۆوە گرتووە هیچ نرخێکی سروشتدارو ناوەکی هەڵنەگرتووە وهێلەکانی جێگیرن وگەشەکردنی چەسپاوە))[23].

لە هۆنراوەی (ماچ)دا، شاعیر وێنەیەکی چەسپاومان بۆ دەگرێ ئەویش بە وێك چوواندنی دەم بە ئینجانەی ماچ وبەراوردکردنی لەگەڵ ئەشکەوتی ووشە، مەوداکەشی دیاری کراوەو فرمانیشی تێدانییە.

دەم ئینجانەی ماچە
نەك
ئەشکەوتی ووشە[24]

لە هۆنراوەی (دیوانێکی جوانەمەرگ)دا وێنەیەکی وەستاوی زۆر قەشەنگمان بۆ دەکێشێ، ووشەکانی بە قردێلە دادەنێو دەڵێ:-

کە دەهاتی
کارە شیعرم لەبەر پێتا دەکوژتەوە
ووشەکانم قردێلە بوون
بە چەپکە تیشکی قژتەوە[25]

**وێنەی جوولاو**، ئەو وێنەیەیە کە ئاسۆیەکی گەلێ فراوانی هەیەو دیمەنی لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر لە گۆڕان وگەشەکردن دایەو فرمانی ڕستەکەشی بە زۆری ڕانەبوردون وداخوازین، ((قەسیدەی بالأنوما جوولەیە نەك وەستان، پێوەری بالأنوماکەشی لە ڕادەی ڕەنگدانەوەو وێنەکێشانی شتە جیاوازو دیاردەکانی واقیعەوە نییە بەڵکو لە چۆنیەتی بەشداری کردن وخستنە سەری شتی نوێیە بۆ سەر ئەم گێتیەیە))[٢٦].

لە هۆنراوەی (دو ئەستێرە)دا، وێنەیەکی جوولاومان بۆ دەکێشێ بەوێك چوواندنی خۆیو زەوی بە دوو ئەستێرەی سەرمەدی، کە هەریەکەیان لە مەداری خۆی دەخولێتەوە.

من وزەوی
جووتێ ئەستێرەی ئەبەدین
بەلأم هەریەك لە مەدارێ
دێین ودەچین[٢٧]

**لە هۆنراوەیەکی تر بە ناوی(-) وێنەیەکی جوولاومان بۆ دەکێشێ لە ڕێگەی لێکچوواندنی غەم وئازارەکانی یارەکەی بە ڕەنگ زەردی خۆی**

هەموو دەمێ
گەردێکی خەمی تۆ هەڵئەفڕێو
لەسەر چڵی دڵی مندا هەڵدەنیشێ
بۆیە تادێ
من زەرد هەڵدەگەرێم
تۆش سوور[٢٨]

**٣- وێنەی شیعری لە ڕووی واتاییو هەستییەوە**

وێنەی واتایی ئەو وێنەیەیە کە بەرهەستەکان ناکەوێ بەڵکو بە هۆی هۆشیارییەوە وەردەگیرێ. وێنەی واتایی (مەعنەوی) وەکو (جون دینس) دەڵێ: دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ژیری زۆر دوورە لە ڕەوانبێژی هەستەکانەوە، زیاتر بابەتی خۆشەویستی بە خۆوە دەگرێ، هەروەها دوورە لە وەسفی باو))[٢٩].

لە هۆنراوەی (کۆترە شینەکانی زانکۆ)دا وێنەیەکی واتاداریمان بۆ دەکێشێ کە مانایەکی دڵداری هەیەو بەر هیچ هەستێك ناکەوێو بە هۆی ژیرییەوە وەردەگیرێ.

خۆ چەکی من
دڵی سەوزی شاعرێکی جوانپەرستەو
بە تەنیا هەر
خۆشەویستیو خەمی تیایە[٣٠]

وێنەی هەستی، ئەو دیاردانەی کە مرۆڤ لە سروشت هەستییان پێ دەکات بە شێوەیەکی هونەری دەیان خاتە ڕوو، ((هەستی بینراویش بە هۆی ووشەوە دەگوێزرێتەوەو بە پێنج هەستەکە درکی پێ دەکەین))[٣١].

((دیارە ئەم گوێزانەوەیش بە شێوەیەکی فۆتۆگرافی نییە بەڵکو شاعیر گۆڕانکاری تێدا ئەنجام دەداتو وێنەی شیعری خۆی لێ دروست دەکات))[٣٢].

ریتشاردز دەڵێ ((قەسیدە بە وێنەی شیعری دەست پێ دەکا پاشان وێنە دوای وێنە دێ، لەبەردەوامیدا لە دەرونی خوێنەردا شەپۆلێکی هەستی چێ دەکات، هەستە گشتیەکانیش بۆ خوێنە دەگوێزێتەوەو شاعیر پرۆسەی داهێنانی خۆی لێ دەست پێ دەکا)) (٣٣).

چەند نموونەیەك بۆ جۆرەکانی هەست :-

١- **هەستی بینین**، لەسەر بنەمای وێك چوواندنەوە وێنەیەکی هەستیمان بۆ دەکێشێ کە بەرهەستی بینین دەکەوێ، لە هۆنراوەی (صەلیبێکی سوور)دا دەڵێ:-

مەمکت بڵندترین چیایە
بەسەر لووتکەی چیادا بەفر دەبارێ
بەسەرگۆی مەمکی تۆش
گەزو (٣٤)

یاخود لە هۆنراوەی (ئاوشکان)دا، لە رێگەی لێکچوواندنی گەردنی لوس وبڵندی یارەکەی بە شووشەی مەی، وێنەیەکی قەشەنگی شیعرییەو هەستی بینین وەردەگیرێ

لە شووشەی مەی دەچێت لووس وگەردن بڵند
تۆ پڕاو پڕ لە عیشق
ئەو لێوان لێو لە شەراب (٣٥)

٢- **هەستی بیستن**، ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە بەر هەستی گوێچکە دەکەون. لەسەر بنەمای دەنگ لە هۆنراوەی منداڵەکەم لێم دەپرسێ وێنەیەکمان بۆ دەکێشێ کەبەرهەستی بیستن دەکەوێ

بابە - با - بۆ چی ڕادەکاو دەلوورێنێ
با شنەیەکی هێمن بوو
شایەك ویستی بۆ خۆی بیکا بە شانەیێو
بە تەنیا هەر
قژی شاژن دابهێنێ! (٣٦)

٣- **هەستی بۆن کردن**، ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە لە رێگای هەستی بۆن کردنەوە وەردەگیرێن، لە هۆنراوەی توانەوە بۆنی پرچی یارەکەی بە عەتر دەچوێنێ لەسەر بنەمای وێك چوواندنەوە ئەم وێنەیەمان بۆ دەکێشێو دەڵێ:-

بەر لەوەی بەرامەی عەترو بۆی پرچی تۆ
خەوێکم لێ بخات
حەوت شەو وحەوت ڕۆژ (٣٧)

٤- **هەستی چەشتن**، لەسەر بنەمای تام کردن(تاڵی، سوێری، شیرینی...هتد) هەستی چەشتن وەردەگیرێ، لە هۆنراوەی (چارەنووس)دا، تامی مژینی لێوی یارەکەی بەمەی دەچوێنێ کە بەرهەستی چەشتن دەکەوێ،

مەی هەڵمژینی لێوی خەج
یاری کردنە بە دۆزەخ
خوێن ڕشتنە(٣٨)

٥- **هەستی دەست لێدان**، ئەمەش لە ڕێگەی دەست لێدانەوە هەست بە گەرمیو ساردی، نەرمی، ڕەقیو لووسی دەکەین، لە هۆنراوەی(مەمك)دا، لە ڕێگەی لێکچوواندنی مەمکی یارەکەی بە دوو وێنەی جووداواز لە هەستی نەرمیو ڕەقی بەم جۆرە وێنەیەکی جوان بە هەستی لێدان وەردەگیرێ.

ئیشتە مەمکت
دوو پشیلەی خڕیماڵین
هەتا زێتر
دەستیان بەسەرا بێنم
پتر چاوی حەز لێك دەنێن
کەچی دوێنێ
دوو بارە کەوی کێوی بوون
هەتا شاباڵیم هەڵکێشان
سەد دەنووکیان‌دا لە دەستم(٣٩)

## تەوەرەی سێیەم

### سەرچاوەکانی وێنەی شیعری

بێگومان ئەزموونی شاعیر تا لە سەرچاوەی هەمە ڕەنگەوە بێ، ئاسۆی فراوانترو گەشاوەتر دەبێو وێنەکانیشی کۆك ترو بە پێزتردەبن.

١- **سەرچاوەی مێژوویی**:- مێژوو وەکو تۆمارگایەك پڕیەتی لە ڕووداو وکارەساتی پڕ لە خۆشیو ناخۆشی، جا کە شاعیر ئاماژە بە ڕووداوی مێژوویی دەکات وسوودی لێ وەردەگرێ، لەلایەك بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەیە، لەلایەکی تر ڕەهەندێکی نوێ بە ئاسۆی شیعرەکە دەبەخشێ دەیکا بە بنەمایەکی وێنەی هونەریو پەیوەندی لە نێوان ئێستاو ڕابردوو دەنەخشێنێ. کارەساتی ئەنفال کە ڕژێمی عێراقی پێی هەڵسا، بێ گوێدانە هیچ داب ونەریت ویاسایەکی نێو نەتەوەیی، بە گەورەترین ودڕندەترین لەناوبردنی بە کۆمەڵ دادەنرێ لە مێژووی هاوچەرخ دا کە نزیکەی پێنج هەزار گوندی لەگەڵ زەوی تەخت کرد خەڵکەکانیشی کوشتن وئاوارەکردن لە (٢٣)ی شوباتی(١٩٨٨) دەستی پێکرد، دیارە لە ماوەی ئەنفالی یەکەمدا چەکی کیمیاویش بەکار هات ولە دۆڵی جافەتی لە ١٥ی نیسان ١٩٨٧دا چەکی قەدەغەکراوی تاقی کردەوە، قەرەداغ، گەرمیان، پاشان چیاو دۆڵەکانی شەقلاوەو ڕەواندوزیشی گرتەوە، بە پێی پیلانێکی نەخشەکێشراو خەڵکەکەیان بۆ ئۆردوگای تایبەتی ڕاگوستنەوەو

بێ سەرو شوێنیان کردن لە هۆنراوەی (حاجیەکان بێرەدا ڕەت دەبن وێنەیەکی ئەم کارەساتە مێژووییە دەکێشێ،

تولەوێ شنە برژانگت شانە دەکات و
من لێرە وردەزیخ کاکۆڵم هەڵدەکرۆزێنێ
تۆ لەوێ نێو دەمت پڕیەتی لە گوڵ
من لێرە برینم پڕیەتی لە گڕ
لە عەرعەرەوە قسە دەکەم
لە بیابانی ئافاتەوە
لە کێوی بەژن بڵندی عەرەفاتەوە
سڵاو بالیسان(٤٠)

راپەرینی ئازاری ١٩٩١ وەرچەرخانێکی سیاسی گەورە بوو کە عێراق وسەرانسەری کوردستان بەخۆیەوە بینی، سنورێکی بۆ زوڵم وزۆرداری وئەنفال وکیمیاباران دانا، ئاشتیو ئازادی داهێنانی بەری ڕەنجی پێشمەرگە وخەڵکی کوردستان بوو، کەبەلاو ژن وپیرەوە ئەرکی ڕاپەرین ورزگارکردنی کوردستانیان گرتە ئەستۆ لە ماوەیەکی کەمدا شارو شارۆچکەکانی کوردستان سەراپا سەربەخۆو ئازاد کران، دەسکەوتی فرە مەزن وبەنرخ بە دەست هێنران، بەڵام لە خەوش وکەم کوڕی بە دەرنەبوو، شاعیر هەستی بە گەڵێ دیاردەی درێو کردووە بۆیە دەڵێت:

کێ وای کرد
برینی بەرخەکانمان لە ژیلەمۆ بگرینەوەو
دەستی گورگەکانیشمان لە خەنە(٤١)

٢- **سەرچاوەی ئایینی**، شاعیر وێنەیەکی شیعری لە قورئانی پیرۆز وەردەگرێو لە شیعرەکەیدا بەرجەستەی دەکات، کە ئەنفال سەرچاوەیەکی کۆنی هەیە بۆ سەردەمی ئیسلام دەگەڕێتەوە کە ئاماژەکردنە بە سورەتی هەشتەم لە قورئانی پیرۆزدا، سورەتی ئەنفال لە شەڕی بەدر هاتە خوارەوە بۆ ئەو دەسکەوتانەی کە لەشەڕ دەس دەخرێن وەکو ماڵ وسامان ومرۆڤی دیل...هتد. قوبادی شاعیر بەم هێماکردنە ئاسۆیەکی نوێ بە شیعرەکە دەبەخشێ

یسئلونك عن الانفال قل الانفال لله والرسول
لە عەرعەرەوە قسە دەکەم
لە عەرعەرەوە
لە سێبەری بەردەڕەشی موقەددەسەوە
((بواد غير ذی زرع عند بيتك المحرم))
لە عەرعەرەوە
لە گۆڕێکی نابینای عەرعەرەوە
سڵاو بالیسان
فریشتەکان بەهەشتیان لە نەمامەکانی تۆداچاند
ئاویان لە کانیاوە چاوقرژاڵەکانی تۆوە

ڕاکێشا

بە کلچووکی ژنە شۆخەکانی تۆ چاویان ڕشتو

باڵندەکانی بەهەشت، لە چۆلەکە ڕوح سوکەکانی تۆوە

فێر فڕین بوون(٤٢)

لە هۆنراوەی (شەهید)دا، ئاماژە بە سورەتی (ئالی عیمران) ئایەتی ١٦٩دەکات، واتە ئەو کەسانەی لە ڕێی خودادا کوژراون، نابێ بە مردویان حیساب بکەین، زیندوون وخودا ڕزقیان دەداتێ، شاعیر سودی لەم بیرۆکە وەرگرتووە ئەم وێنەیەی چێکردووە.

پێشمەرگە بووین

لە دوورەوە تاتەشۆرێکی کزرمان

لەبەر قاپی مزگەوتێکا بەدی کرد

ولا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله

فاتحامان خوێند، خۆی بوو بەخێر هاتنی کردین

رحمه الله لمن اعاد له الفاتحه، دڵنیام خۆی بوو(٤٣)

باسکی زەردەخەنەی کردینە مل وبەڕێی خستین

٣- **سەرچاوەی فۆلکلۆری کوردی**، شاعیری نوێ پشت بە فۆلکلۆری کوردی دەبەستێو وێنەی شیعری لێ هەڵدەهێنجێ تاکو بەردەوامی یەک بە بەرهەمەکە بداو پەیوەندییەکی تازە لە نێوان ڕەگەزەکانی وێنەدا چێ بکا، واتایەکی نوێی پێ ببەخشێ کە لەگەڵ عەقڵی نوێو سەردەمی نوێ بگونجێ.

قوباد أ- گۆرانی فۆلکلۆری وەردەگرێو دەیکا بەسەر مەشق وهەوێنی شیعریو وێنەی نوێی لێ چێ دەکات. لە هۆنراوەی (دروون)دا دەڵێ:-

((هە دروونە دروونە دروونە

دەمی داسێم بە خوونە))

دەمرین

ئەم زەوییە ناپەرێ

دەمرین

جەنجەرێ ناگەڕێ

((هە دروونە دروونە دروونە

خەرمان بێ سەرو ووشونە))(٤٤)

ب- **داستان**، کە ڕووداوی دڵداریو قارەمانیەتی دەگێڕێتەوە بە زۆری ڕووداوی دڵدارین وەکو مەم وزین، خەج وسیامند کە بەکارەساتی ناخۆش کۆتایی دێت ودوو دڵدارەکە بەیەک ناگەن،

لە هۆنراوەی (چارەنووس)دا

دەست بردن بۆ بەرۆکی زین
مل لە چەقۆ هەڵسوین و
خۆ کوشتنە[٤٥]

ج- **حیکایەتی فۆلکلۆری**، بەشێکی گرنگە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، شاعیر سوودی لە حیکایەتی (گورگ وبزن) وەرگرتووەو وێنەیەکی جوانی لێ دروست کردووە، لە هۆنراوەی (بێزا)دا دەڵێ:-

سەر دەکەینەماڵی هەموو داپیرەیێ
لە قەراخی ئاگردانی پڕ پشکۆدا
بۆسەر بردەی گورگ وبزن
گوێ هەڵدەخەین
((تیتلەو بیبلەی دنیایێ
دەرکەی وەکەن لە دایێ
بۆم هێناون گیایێ))[٤٦]

شاعیر بە شێوەیەکی لێهاتووانە مامەڵە لەگەڵ ئەفسانەی کوردی دەکات، بۆ نموونە (سیمرخ) کە ڕەمزی حیکایەتێکی کوردییە پاڵەوانەکەی گۆشتی ڕانی خۆی دەداتە سیمرخەکە تاکو لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر دەربازی بکات. لە هۆنراوەی (وڵاتی ڕەژوو)دا دەڵێ:

ئەی سیمرخی گرتێبەربوو
دوو بە دەرکە
لە گەردونێکی تر
لە بۆموونێکی تر بگەڕێ[٤٧]

٤- **ئەدەبی عەرەبی**، ئەدەبێکی دەوڵەمەندو مێژوویەکی دێرینی هەیە، سەرچاوەیەکی بەپێزی وێنەی شیعرییە، کاریگەری زۆری کردۆتە سەر شاعیرانی کورد، ئەمەش بۆ ئەو پەیوەندییە مێژووییە دەگەڕێتەوە کە هەردوو ئەدەب بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، قوبادی شاعیر شیعرەکانی (نزار قبانی) خوێندۆتەوە، کەڵکی لێ وەرگرتووە، بەڵام شێوازی تایبەتی خۆی هەیە لە دەربڕیندا، (نزار قبانی) دەڵێ:

كان نهداك مليكين عظيمين
وكان يحكمان البر والبحر
وكان العدل موفوراً
وكان الخبز موفوراً
وكان الشعب يدعو للمليكين بطول العمر[٤٨]

(قوباد جەلی زادە) لە هۆنراوەی (جرجەکانی کامۆ)دا دەڵێ:

لە وێندەر کەس نەکرا لە کۆیلەی دێوە ئاسنینەکانی شەیتانو

کەس نەکرا بە پادشای
مەمك!
تەنیا،
بووین بە هاوڕێی ڕەشەباو بەهاوسەری بەرد
تەنیا،
دڵداریمان لەگەڵ تفەنگ کردوو شەڕمان بە جوان فرۆشت[٤٩]

لە لای (نزار قبانی) مەمکەکان بە دوو پاشا دەچوێنێ کە خێرو بێر بڵاودەکەنەوە، کەچی لە لای قوبادی شاعیر لە ئەنجامی ئەوەی کە مەمە نەکراوە بە پاشا شەڕو شۆڕ بڵاوبۆتەوەو جوانیەکان پێشێل کراون.

٥- **ئەدەبی جیهانی**، ئەفسانەی کۆنی یۆنانیش بۆنە سەرچاوەیەکی بەپێزی شاعیرانی کورد، قوبادی شاعریش بەمەبەستی فراوان کردنی ئاسۆی بیری، سوودی لە ئەدەبی جیهانی بە تایبەتی لە ئەفسانەی سیزیف وەرگرتووە، سیزیف هەموو ڕۆژێ بەردەکەی کۆڵی بۆ سەر چیا بەرزەکە دەبات وپاشان لێی غلۆر دەبێتەوە، هەموو ڕۆژی ئەم هەوڵە دوو پات دەکاتەوە، شاعیر بیرۆکەکەی وەردەگرێو وێنەیەکی لێ چێ دەکات، لە هۆنراوەی (تەمتومان)دا دەڵێ:

دەبێ من بە شوێنیان شمشێرێك هەڵگرم
دەجاران قورستر لە بەردی سزیفێ
دەجاران بڵندتر لە بەژنی سیپانێ
دەترسێم گوڵسورێ
نێرگزی چاوانم لەبەر پێم هەڵدەرێو
نەتگەمێ[٥٠]

## ئـەنجـــام

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتنە ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١- وێنە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بنیادی شیعریدا، نەك بەمەستی ڕازاندنەوە بەڵکو گیان وکرۆکی شیعرە.

٢- وێنەی شیعری دۆزینەوەیەکی شیعری نوێ نییە، بەڵکو کەرەسەیەکە لە کەرەسە کۆنەکانی شیعر، شیعری کلاسیکی پڕە لە وێنەی شیعری، ئەوەندە هەیە کە وێنەی شیعری نوێ لە چەمك وئامانجی هونەریو ڕێگاکانی چێبوونیەوە لەگەڵ پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکانی لەگەڵ شیعری کۆندا جوداوازە.

٣- شیعرەکانی قوبادی جەلی زادە پڕن لە وێنەی هونەری شیعریو هەموو جۆرەکانی وێنەی شیعری بەخۆوە گرتووەو لە ئاستێکی باڵادا خۆیان دەنوێنن.

٤- شاعیرانی نوێخواز بو دەوڵەمەند کردنی وێنەی شیعری سوودیان لە ئەدەبی میللی، جیهانی، سەرچاوەی ئایینی، مێژوویی، فۆلکلۆری...هتد وەرگرتووە، بەمەش سیمای نوێی پێ دەبەخشێ.


**ملخص البحث**

لاشك أن للصورة مكانة اساسية في البناء الشعري، وهي ذات منزلة منفـردة وذات رؤيـة جماليـة مـن نـوع خاص انها جوهر فن الشعر وروحة يخلقها الشاعر لكي يعبر عن انفعالـه الخـاص وتتضمـن هـذه الدراسـة مقدمـة وثلاثة محاور رئيسية.

**المحور الأول** :- ما هي الصورة الشعرية. الصورة الشعرية في النقد القديم والحديث.

**المحور الثاني** :- انواع الصورة الشعرية مدعمة بنماذج من شعر الشاعر قوباد جلي زاده.

**المحور الثالث** :- مصادر الصورة الفنية لدى الشاعر وينتهي البحث بمجموعة من النتائج مع ملخص له باللغتين العربية والانكليزية.



# ABSTRACT

*No doubt, the artistic image occupies an outstanding position in the poetic structure. It has an important place and enjoys a special aesthetic point of view. It is the core and the heart of the poetics the poet brings it so that he may well express his passionate and emotion.*

*This study contains an introduction and three axes followed by some conclusions and the list of the sources.*

*The first axis is about the concept of the poetic image presenting it as brought about in both classical and modern literary criticism.*

*The second axis deals with the classification of poetic image supported by examples taken from Qubadi Jali Zada.*

*The third axis is devoted to the sourees of the artistic images used by the poet.*

*In the end there are a number of conclusion and the summary of the study in Arabic and English.*


**پەراوێزەکان**

١- د. عزالدين اسماعيل: الشعر العربي المعاصر- قضايا وظواهر الفنيـة والمعنويـة، بـيروت، بـلا، ص١٣٤.

٢- مالكم برادبرى، ترجمة مؤيد حسن فوزى: الحداثة، دار المأمون، بغداد، ١٩٨٧، ص٤٩.

٣- سى دى لويس، ترجمة د. احمد نصيف الجنابى: الصورة الشعرية، بغداد، ١٩٨٢، ص٢٠.

٤- محمد مصطفى بدوي: كولر دج، الواقع الفكر الغربي دار المعارف، القاهرة،١٩٩٠، ص١٥.

٥- نصـرت عبدالرحمـن: دراسـة في مذاهـب نقدية حديثـة واصولهـا الفكرية، مكتبة الاقصى، عمان، ١٩٧٩، ص٢٦.

6- Daniel leuwers, Introduction a la poesie moderne et contemporaine, Ed Bordas, paris, 1990.P.87.
7- Louis AraGon, le paysan de paris, Gallimard, paris, 1926.P167.
٨- كروتشه، ترجمة د. سامي الدروبي: فلسفة الجمال، بغداد، بلا، ص٤٠.
٩- جابر عصفور: الصورة الفنية في التراث النقدي والبلاغي، دار الثقافة، القاهرة، ١٩٧٤، ص٣٧٣.
١٠- مازن المبارك: الموجز في تاريخ البلاغة، دار الفكر، بيروت، ١٩٧٤، ص٦٥.
11- John middelton murry, Metaphor, quoted from, Anne Ridler-shakespeare criticism, London, 1966.P234.
12- Pierre Reverly: Nord-sud, Flammarion, Paris,1975.P.73.
١٣- ابراهيم ناجي: وراء الغمام، دار العودة- بيروت ١٩٧٣، ص٢٠.
14- Robert Brechon, le surrealisme, Gallimard, paris, 1934.P161.
15- Ibid. P.167.
16- Richard .I.A: principles of litteratury criticism, London, 1949. P73.
17- Andre Breton manifestes du surrealisme Gallimard, paris, 1972. P.12.
١٨- د. محمد غنمي هلال: النقد الادبي الحديث، دار العودة، بيروت، ١٩٧٣، ص٤٤٧.
١٩- نفس المصدر، نفس الصفحة.
٢٠- قوباد جلی زاده: هەمیشە ڕوو لە خودا هەمیشە مەست، بەستە، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٦٦.
٢١- د. يوسف حسين بكار: البناء الفني في القصيدة العربية، القاهرة، ١٩٧٩، ص٦٦.
٢٢- قوبادی جلی زاده: تەمتومان، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٩٠، ل٧٦-٧٧.
٢٣- نعيم اليافي: تطور الصورة الفنية في الشعر العربي الحديث، دمشق، ١٩٨٥، ص٦١.
٢٤- قوبادی جەلی زادە: هەمیشە ڕوو لە خودا هەمیشە مەست، ل١٥٥.
٢٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٤.
٢٦- ادونيس: زمن الشعر، دار العودة، بيروت، ١٩٧٨، ص١٨٥.
٢٧- قوبادی جەلی زادە: تەمتومان، ل٤٢.
٢٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

٢٩- د. عبدالواحد لؤلؤة: موسوعة المصطلح النقدي، دار الرشيد، بغداد، ١٩٨٢، ص٥٠.

٣٠- قوبادى جەلى زادە: تەمتومان، ل٧٥.

٣١- د. عدنان خالد عبدالله: النقد التطبقي التحليلي، بغداد، ١٩٨٦، ص٢٩.

٣٢- د. علي البطل: الصورة في الشعر العربي حتى اخر القرن الثاني الهجري، دراسة في اصولها وتطورها، دار الاندلس بيروت، ١٩٨٠، ص٣١.

33- Richard .I.A. Principles of li litteratury criticism, London, 1949. P.75.

٣٤- قوبادى جەلى زادە: هەميشە ڕوو لە خودا هەميشە مەست، ل٩٩.

٣٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩.

٣٦- قوبادى جەلى زادە، تەمتومان، ل٣٥.

٣٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.

٣٨- هەمان سەرچاوە، ل٥٨.

٣٩- قوبادى جەلى زادە: قەڵەمێكى ڕدێن سپی، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیریو لاوان، ١٩٨٨، ل١١.

٤٠- قوبادى جەلى زادە: هەميشە ڕوو لە خودا هەميشە مەست، ل٢٣٩.

٤١- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤٢- قوبادى جەلى زادە: هەمان سەرچاوە، ل٣٨.

٤٣- قوبادى جەلى زادە: هەمان سەرچاوە، ل٨٩.

٤٤- قوبادى جەلى زادە: قەڵەمێكى ڕدێن سپی، ل٤٧.

٤٥- قوبادى جەلى زادە: تەمتومان، ل٥٨.

٤٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤.

٤٧- قوبادى جەلى زادە: هەميشە ڕوو لە خودا، ل٢٩٩.

٤٨- نزار قباني: الاعمال الشعرية الكاملة، منشورات نزار قباني، بيروت، ط٦، ١٩٨٦،ص٩٢.

٤٩- قوبادى جەلى زادە، هەميشە ڕوو لە خودا، هەميشە مەست، ل٨٩.

٥٠- قوبادى جەلى زادە: تەمتومان، ل٥٦.